## نەکەن باوەڕ بکەن کە ئەوە رادیکال فێمێنیزمە!! ... رێکپۆش عەزیز

Rekposh_3@yahoo. com

کاتێ حزبی دەستپێشخەری فیمینیستی لە سوید دروست بوو یەکێک لە ئامانجەکانی کە لەسەرەوی سایتەکەیان نووسیبوویان ئەمە بوو (ئێمە هەرگیز مەسەلەی ژنان بە هیچ نرخێک نافرۆشین) وە ئەندامانی ئەم حزبە هەمووی ژن بوون و هەروەها بوونە مەترسیەکی گەورەیان لە سەر خودی دەسەلاّتی سیاسی پیاوان لە سوید بۆیە پاش راگەیاندنی دروست بوونی ئەم حزبە پیاوانی سیاسی ئاورێکی بە پەلەیان لە وەزعی ژنان دایەوەو حزبی سۆشیال دیمووکرات نێت ڤێرکێکی فیمینیستی دامەزراند بۆ لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوەی مەسەلەی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان بەتایبەتیش بەرامبەری موچەی پیاوو ژن.

بەلّێ ژن لێرە هێندە خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزەکە بەهەمووجۆرێک تەحەدای دەسەلاّت و بیری پیاوانە دەکات کەی بیانەوێت گەورەترین مەترسی لەسەر دەسەلاّتی پیاوان دروست دەکەن و پێ لەسەر خواستەکانی خۆیان دادەگرن هەرگیزیش نوێنەرەکانی ژنان فرۆشیاری مەسەلەی ژنان نین بۆ مەسڵەحەتی تایبەتی خۆیان.

بەلاّم ئەی ژنی کورد چی ئایا ئەویش خاوەنی هەمان ئیرادەو بیری ژنانای خۆیەتی یا با بلّێم خەم خۆری بزووتنەوەی فێمێنیستی خۆیەتی؟

ئەوەی کە من زۆر نیگەران دەکات ئەوەیە کە تەنانەت ئەو ژنە بەئاگایانەی کە لە هەندەرانەوە گەراونەتەوە کوردستان چێواشەکاری لە بزوتنەوەی فێمێنیزم و رادیکاڵ فێمینیزمدا دەکەن لە چەند ژمارەیەکی لەمەو بەری رۆژنامەی ئاوێنەدا بوو چاوپێکەوتنێکی مهاباد قەراخیم خوێندەوە کە بە خۆی دەلّێ (رادیکاڵ فێمێنیستم) ئەم ووتەیەی ئەو زۆر بۆ من جێی سەرنج بوو، پاشان ویستم وەلاّمی نەدەمەوە بەلاّم وتەیەکەی شتێکی وا ئاسان نەبوو کە لێی ببوری چونکە بەکارهێنانی چەمکەکە بۆ شەخسی مهاباد خان زەرەرمەند نیە بەلّکو لەئاستی گشتیدا بۆ ژنانی تر زەرەرمەندە کە پێیان وابێ بەراستی مهاباد خان رادیکاڵ فێمێنیزمە لە شێوازی کار کردن و دەربرینی بۆچوونەکانی سەبارەت بەمەسەلەی ژنان، چونکە من دەزانم مهاباد ئەمە لەرووی ئاگاییەوە دەکات دەیەوێ رەوایەتی بدات بەوەی کە ئەمەش وەک هەموو شتەکانی دی لە کۆمەلّگاکەماندا شێوازێکی چێواشەکارانە لە خۆ بگرێت. لام سەیرە بوو کە مهاباد پاش سالاّنێک خوێندن و ژیانی لە ئەوروپا ئاوا رادیکاڵ فێمێنیزم بکاتە قوربانی کورسیەک لەناو عەقلّی پیاودا.. ئەوە بۆ من گرنگ نیە ئەو تا چەند خۆی لەناو پارتیدا دەتوێنیتەوە وەک شەخس، گرنگ بۆ من ئەوەیە من وەک ژنێک دژی ئەوەم کە ئەو بزووتنەوەی رادیکاڵ فێمێنیزم بفرۆشی بە حزبێکی پیاوانی. من دەزانم ئەو باوەری بە تیۆری رادیکاڵ فێمێنیزم نیە، بەلاّم دەبێ ئەو جورئەتی ئەوەش بکات و رایبگەیەنێ کە ئەو بۆ کاری حزبی گەراوەتەوە کوردستان، نەک بۆ کاری تایبەت بە ژنان. سەرەرای ئەمەش دەیەوێ لە جێگەی خۆتەوە وا لە ژنانی کوردستان بگەیەنی کە ئەوەی ئەو دەیکا و دەیلّێی رۆحی رادیکاڵ فێمێنیستە. ؟ مهاباد خان باش دەزانێ کەسێکی رادیکاڵ فێمێنیزم ناتوانێ ببێتە ئەندامی چالاکی حزبێک کە زۆربەی ئەندامانی ئەو حزبە لە دوو ژن زیاتریان هەبێ. ماستاو بۆ پیاوانی ناو حزبێک بکات کە زۆربەیان گالّتەیان بەمەسەلەی ژنان و مافی ژنان دێت، رادیکاڵ فێمێنیزم ناچێ چەپکە گوڵ بە دیاری بداتە دەستی ئەو پیاوانەی کە بە حساب خەبات بۆ

مەسەلەی ژنان، دەکەن رادیکاڵ فێمێنیزم پێی وایە سەرچاوەیەی کێشەی ژن خودی پیاوو ئەقڵی پیاوو دەسەڵاتی پیاوە رادیکاڵ فێمێنیزم باوەری بەخەباتی ترسنۆکانە نیە بەتاکتیکی چەپکە گوڵ پێدان پیاوان رابکێشێتە ناو خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان وەک تۆ باوەرت پێیتی کردوتە، لە هەموو کوردا بەدەگمەن پیاو هەن باوەریان بەمەسەلەی ژنان هەبێ، چونکە مەسەلەی ژن تەنها باوەربوونی پیاوەوە ناوەستێ بەڵکو شتێکی لەوە گەورەترە ئەویش سەندنەوەی دەسەڵاتێکە لە پیاو ئەوەش بزانە کە پیاوی کورد بە تاکتیکی چەپکە گوڵی تۆ ئەو دەسەڵاتەی خۆی نابەخشێتەوە ژنان من پێم وایە ئەوە عەقڵی پیاوە لە رێکخراوەکانی ژناندا ئەوا بۆ ماوەی چواردەساڵە خەباتی رێکخراوەکانی ژنان هەر سورانەوەیە لە بازنەی بیری پیاودا و هەنگاوێکی زیاتر نەنراوا هیچ سنورێکی دەسەڵاتی پیاو لا هیچ لایەنێکی ئەو کۆمەڵگایەدا تێکنەشکاوە، ئەوە نیە پاش چواردە خەباتی رێکخراوەی ژنان فلان سکرتێری رێکخراوی ژنان لە کاتی سەفەر کردنیدا بۆ هەندەران یەک ملیۆن دۆلاری پێوە دەگیرێ ئەوە لێپرساوی فلان رێکخراوی ترە کە براژنی خۆی دەکاتە کەیسێکی مووهەدەدی رێکخراوەکەی و دەینێری بۆ براکەی لە هەندەران، ئەوە فلانیە کە لەسەر حسابی رێکخراوەکەی دایکی دەباتە ی تاکە وولاتێکی عەرەبی بەمەبەستی ناردنی بۆ لای براکەی لە ئەورووپا. ئەوە فیساری خەم خۆری ژنە کە تائێستاش بە چاویلکەی پیاوەوە سەیری ژن دەکات و ووشەی بێ رەووشتی دەخاتە پاڵ ژنان تەنانەت هاوکارەکانی خۆشی، ئەوە هەندێ لە ژنانی هەندەرانن کە لەسەر ژیانی ژنی بەش مەینەتی کوردستان داوای مافی پەنا بەری دەکەن ژنی کوردیش نەک کێشەکەی هەر لەجێی خۆیەتی بەڵکوو رۆژانە دەیان ژنمان لەرووی جسمی و دەروونیەوە سنگی بەر گوولەی عەقلی پیاو دەکەوێ، ئەوە بەشداری پیاوانە بۆتە هۆی پێشنەکەوتنی خەباتی ژنانی کورد؟ لە خۆت پرسیوە پیاوانی بەشداری خەباتی ژنان کێن؟ پیاوێکە کە ئازادی بۆ ژنی خەڵک دەوێ و هاوسەرو خوشک و دایکی خۆیان ناگرێتەوە. پیاوێکی نوسەری دووروەوە کە لەدەرەوە قسەی زل دەکا و لەماڵەوە لە هاوسەرەکەی دەدات، هاوسەری کام لەو پیاوە خەباتگێرانەی ژنان لە ریزی بزووتنەوەی ژناندایە چۆن باوەڕ دەکەی بەو پیاوەی دێت قسەی زل بۆ تۆ دەکات بەڵام ژنەکەی لە ماڵەوە بەند دەکات بۆ چێشت لێنان ومنداڵ بەخێو کردن و خزمەتی خۆی و دامرکاندنەوەی هەوەس وئارەزووی، چەندەها پیاوی وات لەدەورە چۆن هەست بە هێمنایەتی فکر دەکەیت لەگەڵیان؟ تۆ باش دەزانی کە میتۆدی فێمێنیزم میتۆدێکە کە ناو خودی لەماڵەوە دەست پێدەکات (وەک هەندێک لە فێمێنیستاکان دەڵێن پێش هەرشتێ بەردەم ماڵەکەی خۆت پاک بکەرەوە ئنجا وەرە ناو کۆڵان پاک بکەرەوە) ، پیاوە خەباتگێرەکانی ژنان خۆشیان لەناو خۆیاندا باوەر بەیەکتر ناکەن هاوسەرو خوشکیان بە یەکتر بناسێنن، چونکە خۆیان لەناو خۆیاندا دەماری یەکتر دەناسن.

، ئەوە پیاوە سیاسیەکانن رێکخراوی چێواشەکاری ژنانیان بۆ دروست کردوین و چەندین ژنی جاش و بەکرێگیراوی ئەوانی تیایە، و بزوتنەوەی ژنانیان کردۆتە کۆپیەک لە بیری پیاو بەبێ پیاوانیش زۆربەی هەرە زۆری رێکخراوەکان ناوێرن پەنجە بکەن بە ئاودا.

پیاوان پیاوانی بوون بەرێوە دەبەن بەڵام ژنان پیاوانی بوون لە رێکخراوەکاندا بەرێوە دەبەن لێرەدا دەتوانین نموونەیەک بهێنینەوە پاش رووخانی رژێمی بەعسی شیعەکان بریارێکیان دەرکرد کە دەبێ هەموو برگە یاساییەکان لە عێراق لە سەر بنەمای شریعەی ئیسلام بێت. رێکخراوەکانی بە فەرمانی پیاوانی حزب کەوتنە خۆیان بەرەو بەغداد کەوتنە رێ ودەستیان کرد بە خۆپیشاندان بەڵام هەمان بریار لە نوسینەوەی دەستوری عێراقدا سەپێنرابەڵام ئەم جارە رێکخراوەکان هیچ هەڵوێستەیەکیان نەکرد چونکە دەسەڵاتی سیاسی پیاوان لەگەڵ هیچ جۆرە خۆپیشاندانێکدا نەبوو بەبیانووی پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان جگە لە چەند نوسراوێک کە لێرەو لەوی لەلایەن هەندێ ژنانی بێلایەنەوە بەدیکرا بۆ لەسەر ئەمانە هیچت نەوتوو نەکرد؟ تۆ ئێستا پیاوانی بوون بەرێوە دەبەیت. پێت وایە کەسێکی رادیکاڵ فێمێنیزم پیاوانی بوون بەرێوە دەباو لە ئاست ئەم شتانەدا بێدەنگە و

سەررەزامەندیان بۆ دەلەقێنێ!!!!! گەر تۆ خۆت بەهەڵەدا نەبەی ئایا ئەوە رێڕەوی راستەقینەی خەباتی ژنانە یا لەترسی لەدەست دانی کورسیەکەت ناوێری هیچ بڵێیت؟ من پێم وابوو تۆ دەگەڕێتەوە بە یارمەتی هەندێ لە ژنە بێلایەنەکان بزووتنەوەی راستەقینەی ژن دروست دەکەیت نەمزانی دیکتاتۆریانە لەهەندێ ژن خۆت تۆڕە دەکەی و هەڕەشەیان لێ دەکەی کە بێ تۆ بۆیان نیە کاک نێچیرڤان بەرزانی ببینن و باس لەمەسەلەی ژنان بکەن؟؟؟؟؟؟ من پێم وابوو کە گەڕایتەوە کوردستان گۆرانکاریەک دروست دەکەیت لە وەزعی ژناندا، بەداخەوە نەم زانی دەست دەکەیت بەکاری رێکخستن لەناو پارتیداو، بزوتنەوەی رادیکاڵ فێمێنیزم تەشویهە دەکەی.